## کۆڕی بەڕێز / د . شێرزاد نەجار
## " کاریگەری کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر چەسپاندنی دیموکراتیەت "



کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراتیەت دوو چەمکن ، پەیوەندیەکی زۆر بەهێزیان لەگەڵ یەکتر هەیە . سەبەبی دیموکراتیەتە یان دیموکراتیەت بەهۆی کۆمەڵگای مەدەنی خوڵقاوەو چەسپاوە . کۆمەڵگای مەدەنی بەشدار دەبێت لە دامەزراندنی دیموکراتیەت بەڵام بەشداریەکی تەنیایی نییە بەڵکو چەندین فاکتەری تر هەیە تەنیا ئەو فاکتەرەی باسی دەکەین کۆمەڵگای مەدەنیی ، و چۆنیەتیی رۆڵی کۆمەڵگای مەدەنیە لە چەسپاندنی دیموکراتیەت . کۆمەڵگای مەدەنی چەمکێکە کە لەو ماوەیە زۆر لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەکان یان لەکتێبەکانی کە پەیوەندی بە زانستی سیاسەت و سۆسیۆلۆژی دیارە باسکراوە . بەڵام لە راستیدا ئیتفاق نەکراوە لەسەر چۆنیەتیی تەعریف کردنی کۆمەڵگای مەدەنی من هەوڵ نادەم سەدەها پێناسە بێنم بۆ ئەم مەسەلەیە چونکە دەمەوێ بە تەنیا ئەو پەیوەندییەی کەشف کەم لەنێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتیەت . لەکۆمەڵگای مەدەنی چەندین رێکخراو هەیە ، کەرێکخراوی ناوەندی پێ دەڵێن " ورۆڵێکی کارلێك کەریان لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی ولە نێوان کۆمەڵگادا هەیە . ئەو رێکخراوانە پێویستە چوار خاسییەتی تایبەتیان هەبێت :

- یەکەمین : تایبەتمەند سیمای ئەو رێکخراوانە ئەوەیە دەبێ سەر بەخۆبێت . واتە ئیستقلالیەتیان لە دەولەت و لەدەسەڵاتی سیاسی دا هەبێت .
- دووەمین : خاسیەت ئەوەیکە ئەو رێکخراوانە پێویستە هەندە هێزیان هەبێت کەبتوانن بەرگری بکەن لە بەرژەوەندی ئەو ئەندامانە کە تێدا بەشدارن .
- سێیەمین خاسیەت حدودی دەسەڵاتی ئەو رێکخراوانە لازمە دیارکراوبێت لە کۆنترۆلکردنی سیاسەت . مەعنای وایە نابێ یەك بەتەواوی تەحەکوم بکاتن لەسەر سیاسەتی دەولەت . مەعنای وایە سیاسەتی دەولەت لەوەپێك دێت کەوا چەندین ئەوە زۆر گرنگە ئەو رێکخراوانە پێویستە بە مەدەنیەت هەڵس و کەوت بکەن ، رەوشتیان مەدەنی بیتن . واتە لەکۆمەڵگای مەدەنی علاقات و پەیوەندی لە بەینی ئەحزابە سیاسیەکان وەحەرەکاتی سیاسی دەبی بەمەدەنیەت بیتن یەعنی سیمایەکی مەدەنی هەبیتن . هەر حزبێك هەر حەرەکەکی سیاسی دیفاع لە مەساڵحی خۆی دەکات . مەشرۆعە بەس نابێ بگاتە ئەو دەرەجەی یەك جەماعەت یان یەك حەرەکەت بتوانیت سەیتەرەی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی بکات . لێرەدا هەوڵ دەدەین کۆمەڵگای مەدەنی ئیسپات کەین کە کۆمەڵگای مەدەنی تەنیا بەرهەمی رەئسمالیەت نییە تەنیا بەرهەمی ئاوەدانکردنەوە نییە یەعنی دیبلوبمێتن نییە یان پەروەردەو فێرکردن

یان تەعبیئەی کۆمەلایەتی یان ئابوری بەڵکو بەرهەمی ئەو هەموو فاکتەرانەیە . واتە ناتوانین بڵـێین تـەنها کۆمـەڵگای سـەرمایەداری کۆمـەڵگای رۆژئـاوایی ئنتـاجی کۆمـەڵگای مـەدەنی کردووە . بەڵکو بەشدار دەبن لە دروست کردنی کۆمەڵگای مەدەنی . کۆمەڵگای مەدەنی دێتە ناو وڵات یان لە ناو کۆمەڵگە دروست دەبێت پێویستی بەدەعمی دەسـەڵاتی سیاسی هەیە واتە پێویستە دەسەڵاتی سیاسی سیاسـەتەکی ئاشـکراو رۆنـی هـەبێت بەرامبـەر کۆمـەڵگای مەدەنی بێگومان مەبەستمان بەرامبەر ئەو رێکخراوانە کە لە کۆمەڵگای مـەدەنی کاردەکـەن . لێرە پرسیار دەکەین ئەگەر کۆمەڵگای مەدەنی ئەوها بێت ئایا سروشتی کۆمـەڵگای مـەدەنی بە چ شێوەیەك دەتوانین دیار کەین بەو رێگایەش هەوڵ دەدەین ئەگەر بتوانین پێناسەکی بۆ کۆکەڵگای مەدەنی بدەین وەك گوتم کۆمـەڵگای مـەدەنی نییـە بۆ دیموکراتیـە بـەڵکو بەشـدار دەبێـت لـە دروسـتکردن و چەسـپاندنی دیموکراتیـەت . تـەنیا کۆمـەڵگای مـەدەنی ناتوانێـت دیمـوکراتی بچەسـپێنێت کۆمـەڵگای مـەدەنی تـەفاعول دەکـات لەگـەڵ دەزگایـەکانی تـر لـە پرۆسـەی دیمـوکراتی مـەعنای وایـە پرۆسـەی دیمـوکراتی تـەنیا بـە کۆمـەڵگای مەدەنیـەوە پەیوەنـدی نابێـت بـەڵو بـە پەیوەنـدی بـە مۆئەسەسـاتی تـریش هەیـە وەك موئەسەسـاتی کۆمەلایـەتی یـان موئەسەسـاتی حکـومی واتـە کۆمـەڵگای مـەدەنی سیسـتەمەکە ، نیزامەکـە چەندین رێکخراوی رێکـو پێکـی تێدایـە ئەو رێکخراوانـە زاتیـەن خۆیـان رێك دێخـن واتـە بـە فیعلی هێزی دەسەڵاتی سیاسی نابیتن بێتە کایەوە بە شێوەیەکی سروشتی دروست دەبـن . لەلایەن جەماوەرەوە لەلایەن هاووڵاتیاندا . مەعنای وایە ئەو رێکخراوانەی کە لـە کۆمـەڵگای مەدەنینـە وەك ئامـاژەم پێکـرد سـەربەخۆن بەشـێوەیەکی موسـتەقیل کـار دەکـەن وە لـەژێر تەئسیروفشاری دەزگای سیاسینە مەعنای وایـە سـەر بەسـت نییـە ! سەربەسـتن و ئـازادن لـە دەربڕینی بیروڕای خۆیان بیروڕایەکە دوو خاڵی تێدایە

1. دیفاع لە بەرژەوەندی خۆیان بکەن لە بەرژەوەندی ئەو جەماعەتەی کە لەناو رێکخراون .
2. بەرگری کردن لە بەرژەوەندی گشتی . خاڵی بەرژەوەنـدی گشـتی هـەموو رێکخراوەکـانی مەسەلەی کێشەی کە پەیوەندی بەبەرژەوەندی گشتی هەیە . رێکخراوەکانی کە لە کۆمەڵگای مـەدەنی کـار دەکـەن پێویسـتە قابلیـەتیان هـەبێ کەفائـەتیان هـەبێ کـە بتـوانن بـە رێگـای مشـاوەرات و حیـوارو دەربڕینـی را بتـوانن /بگەنـە قـەراراتی گشـتی کـەدیفاع لـە مەسـاڵحی خۆیـان بکـات . رێکخراوەکـان کـە لـە کۆمـەڵگای مـەدەنی کاردەکـەن نـابی ئامانجیـان یـان هـەدەفیان ئـەوەبێت کەبێنـە جێگـای دامودەزگـای دەوڵـەت . واتـە دام و دەزگـای دەوڵـەت مەسەلەیەکی جیایە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مـەدەنی مەسـەلەیەکی جیایـە رێکخراوەکـانی کۆمەڵگای مەدەنی مەسەلەیەکی جیاوازە بەڵام هەموویان یەکتری لەخاڵێك دەگرنەوە ئەویش بەرژەوەندی گشتیە . ئەو رێکخراوانە وەك گوتم نابێ بێنە جێگای دامودەزگای دەوڵەت بەڵام لەهەمان کاتیش پێویستە لە چوارچێوەی ئەو پرەنسیپانە ئەو یاسایانەی کە دەوڵـەت دای دەنێـت کـار بکـەن . واتـە رێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی نـابی بەپێچـەوانەی سیسـتەمی یاسای دەوڵەت کاربکەن لەناو ئەو سیستەمە دەتوانن رەخنەکانی خۆیان ئاراستەی دەوڵـەت

بکەن ئاراستەی سیستەمی سیاسی سیستەمی قانونی بکەن بەڵام نابی بە هیچ جۆرێك دژی سیستەمی یاسایی سیاسی ئەو دەوڵەتە بێت بێگومان ئەو دەوڵەتەشەرتی هەبێت لازمە ئەو دەوڵەتە دەوڵـەتێکی دیموکراتی بێت یەعنی مەعنای وایە لـە سیستەمەکی دیکتـاتۆری لـە سیستەمی تەسەڵوتی ئیمکان هەیە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تێدا نـەبێت وەئـەو قسانەی کە دەکـەم و دەڵێم سیستـەمی سیاسـی قانونی دەوڵـەت مەبەسـتم وایـە دەوڵـەتێکی قانونی دیموکراتیەت . ئەو جمو جۆڵەی کۆمەڵگای مەدەنی بێگومان لە ماوەی لەڕێگای ئـەو دام ودەزگایانەی کـە موئەسەساتی ناوەندینـە کـە ئـەرکی تـەفاعولیان هەیـە ئـەرکی ئـەوەیان هەیـە بەشـداربن لـەکرداری ئـەرکی تـەفاعول لـە پرۆسـەی تـەفاعول لـە بـەبینی موئەسەسـاتی دەوڵــەت وەموئەسەســاتی کۆمــەڵگای مــەدەنی . وجــودی ڕێکخراوەکــان بــەو شــێوەیە زۆر زەروریـە بـەلام لەهـەمان کـاتیش دەلیـل نییـە کـە ئەگـەر ئـەو جـۆرە ڕێکخراوانـە هـەبوون واتـە کۆمەڵگای مەدەنیمان هەیە .

لە سیستەمی تەسەڵوتی دکتاتۆری چەندین ڕێکخراومان هەیە بەڵام لەحەقیقەتەوە کۆمەڵگای مەدەنیمان نییە چونکە ئەو ڕێکخراوانـە کـە لـە سیستـەمەکی تەسـەڵوتی یـان دکتـاتۆری یـان سیستەمەکی فەردی کاردەکەن ئەو ڕێکخراوانـە ئـازاد نینـە سەربەسـت نینـە وە مـوەجی هـەن لەلایـەن دەزگـای دەوڵـەت مـەعنای ئـەو ڕێکخراوانـە دەبنـە ڕەمزکـی شـەکلی لـەبۆ کۆمـەڵگای مەدەنی بەڵام لـە تەبیعـەت و لـە حەقیقـەت پەیوەندیان بەکۆمـەڵگای مـەدەنی نییـە . واتـە بـەو شـێوەیە دەتـوانین پەیوەندیـەکی زۆر بـەهێز لـەنێوان ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی و لەنێوان دیموکراتیەت پەیدا بکەین .

جموجۆڵی ڕێکخراوەکـانی مـەدەنی لـە چوارچـێوەی کۆمـەڵگای مـەدەنی بەشـداردەبن لـە پرۆسەی دیموکراتی بە ئامانجی چی ؟ بەئامانجی چەسپاندنی دیموکراتیەتێکی سـەربەخۆ ، واتە دیموکراتیەتی چەسپاو . باشە دیموکراتیەتی چەسپاو چ واتایەك دەبەخشێت ؟ واتە ئەم دیموکراتیەتە یانی چی ؟ دیموکراتیەتی چەسپاو پرۆسێسەکە سیستەمەکە کۆمەڵگای ڕزگار دەکـاتن لـە تـەرتیبات و تـەنزیماتی فوجـائی مـەعنای وایـە ڕێکخسـتنی کۆمـەڵگا ڕێکخسـتنی دەوڵەت پێویستە بە سیستەم بەرێگای دیموکراتیەت پرۆسێسێکی نـەوعی دەسـت پێدەکـات کۆمەڵگای لە قۆناغەك دەچێتە قۆناغێکی تر لـە قۆنـاغی بڕیـاری لائـەقڵانی بڕیـاری نـالۆژیکی بڕیـاری بەرژەوەنـدی خـۆیی دەچـێتە قۆنـاغی وەرگرتنـی بڕیـارو قـەرارات لـە چوارچـێوەی موئەسەساتەکی چەسپاو وەرگرتنی بڕیاری هۆشپەسەندی وە چەندین ڕێگا چارە دادەنرێت لـە بـۆ ڕەوشـەکی کەتـەوەقوع دەکرێ کـە وەزعـەکی کتـو پـڕ بێتـە سـەردەوڵەت دیموکراتیـەت ئامادە دەبێت تابۆ وەزعێکی کتوپڕو موفاجئ لە دیموکراتیـەتی چەسـپاو پەیوەنـدی لـەنێوان ڕێکخـراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و لەنێوان دەوڵـەت پەیوەنـدی هاوکاریـە لـە هـەمان کـاتیش پەیوەندی ڕکابەری هەیە لەنێوان ئەو ڕێکخراوانە مەعنای وایە پرۆسێسی دانانی سیاسەت لە دیموکراتیەتی چەسپاو پرۆسێسەکە لەسەر چەندین پرەنسیپی چەسپاو پرۆسێسەکە لەسەر چەندین پرەنسیپی چەسپاو دەڕوات . مەعنای وایە دەوری پەیوەندی کەسیدەوری تاك ناڵێم

نابێت بەسە لاواز دەبێت و تەئسیری دەزگایەکان و موئەسەسات زۆر بە هێز تر دەبێت لە تەئسیری شەخسی لەو سیستەمە هاوولاتی دڵنیا دەبێت کەوا ئەگەر ویستی وەزیفەکی وەرگرێت یان مەرکەزەکی وەرگرێت مومارەسەی نفوزو تەئسیرکاتن دەتوانیتن بەشێوەیەکی سروشتی ئەو دەورە ببینێت . بەلاّم لە دیموکراتیەت بێگومان پرۆسێسی یەککگرتوو ( الاندماج ) مان هەیە ئەو پرۆسێسە پرۆسێسەکی ئاڵۆزە ( معقد ) چ لە نەتیجەی تەفعیل کردنی چەندین مەساڵحی موتەناقزو موختلف لە بەینی چەندین دەزگاو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەو یەکگرتنە دێتە کایەوە .

فەمەعنای وایە لازمە موشکیلەی تەعامول کردن لەگەڵ موئەسەساتی دەوڵەت لەگەڵ دام ودەزگای دیموکراتی کەلەناو دەوڵەت هەیە ئەو گرفنە پێویستە چارەسەر بکرێت بەو شێوەیەی کەوا هەم سیاسیەکان هەمیش هاوولاتی لەناو پرۆسێسەکە بەشداردەبن وەرێك دەکەون لەسەر بڕیارەکان کەلە عەمەلیەی سیاسی دەبن . باشە هاوولاتی چۆن دەتوانێ بڵێ ئەمن رازیمەو بەشدار دەبم هاوولاتی لەرێگای رێکخراوەکان کەلە کۆمەڵگای مەدەنی جێگای خۆیان هەیە . مەعنای وایە هاوولاتی رەنگە کاریگەری زۆر کەم بی لەسەر پرۆسەی دانانی سیاسەت یان دانانی سیاسەت واتە سیاغەتی سیاسەت بەلاّم هاوولاتی وەك ئەندامەك لە رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانێ موساهەمەکی باش بکات ، بەشداریەکی باش بکات لە پرۆسەی دانانی سیاسەت وە بەو مەعنایە دەڵێن کەهاوولاتی موساهەمەکی بەشدار بوونەکی سیاسی لەکرداری دیموکراتی دەبێت . بێگومان لەچواردەوری سیاسیەکان بەشدارن لە عەمەلیەی سیاسی بەرژەوەندی ناکۆکیان هەیە بۆ چوونی پێچەوانە ( متناقض ) یان هەیە موعنای وایە بەم شێوەیە ململانێ نزاعاتمان پەیدا دەبێت

ئەو ململانێیە لە چواچێوەی کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگای مەدەنی دەکرێتن بە شێوەی بەشداربوونیان بەشداربوونی ئەو بەرژەوەندیانە لە عەمەلیەی سیاسی چارەبکرێتن یەعنی ئەو ململانێیە نەگاتە ئەو ئاستەی کە بتوانین ببێتە کارتێکەرێك لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی سیاسەت وەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی سیاسەت لە دەوڵەت ، بێگومان ئەوانەی کە لە سیاسەت ئیش دەکەن هەوڵ دەدەن لە دەسەلات بمینێن بەلاّم مانەوەیان لە دەسەلاّت بەکێ گرێدراوە ؟ بەهاوولاتی بەستراوەتەوە لەسیستەمێکی دیموکراتی بە هاوولاتیەوە مورتەبیتە وەهاوولاتی چۆن دەتوانێ رۆڵی خۆی یان رەئی خۆی دەربڕێت ؟ بێگومان بە رێگای هەڵبژاردن بەلاّم لەپرۆسەی هەڵبژاردن رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەورەکی بالاّی دەبی لە تەئکید کردن لەسەر تەرشیح کردنی ئەشخاس وەلە هەمان کاتیش لەسەر نەتیجەی هەڵبژاردن لێرەدا دەتوانین بەتەواوی روون بکەینەوە کەوا تەئسیری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە چەسپاندنی دیموکراتیەتدا بەدیار دەکەوێت واتە دەورەکی گرنگ وپڕبایەخیان هەیە لەئیش کردن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن . واتە چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراتی لێرەدا لەکۆمەڵگای مەدەنی رێکخراوەکانی دەورەکی گرنگیان هەیە لە سیاسەتی تەتبیقی دەوڵەت واتە لە سیستەمی سیاسی گرنگ نییە تۆ بەتەنیا بڕیار دەرکەی لەسیستەمی سیاسی گرنگی

ئەوەیە بڕیارەکانی‌جێبەجێ بکرێت . ئەمەش تەنیا لەرێگای دەوڵەت نابێت پێویستی بە پشتگیریە لەلایەن هاووڵاتی وەهاووڵاتی بەتەنیا کەتاك ناتوانێ ئەو دەورەی ببینێت رێکخراوەکان ئەو دەورەی وەبینن کە لەناو کۆمەڵگای مەدەنی تەفاعول دەکەن یان کاردەکەن لێرە جۆرەپەیوەندیەکی دیکە سەرهەڵدەدا بەجۆرێکی تر لە نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ چەسپاندنی سیستەمی دیموکراتی . ئەگەر هات و بڕیارەك لە دەوڵەت دەرچوو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەوبڕیارە رازی نەبوون بە تەئکید بڕیارەکە تووشی گرفت دەبێت گرفتەکەش بریتیە لەوەی یان بڕیارەکە پێویستە رەت بکرێتەوە یان هەڵبەوەشێتەوە ئەمەش زۆر زەحمەتە بۆ دەوڵەت لە بۆ سیستەمی سیاسی یان پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەشداربن لە مەسەلەی ئیقناع کردنی هاووڵاتی لە بۆ رەزامەندی لە سەر دانی بڕیارەکان باشترین شت پێش بڕیاردەرچوون پێویستە سیستەمکی سیاسی یان داواکاری کە چونکە لەبۆ سیستەمی سیاسی داواکاری کە هاتە جیهازی سیستەمی سیاسی ئەو داواکاریانە بێگومان هەندێکیان سروشتینە هەندێکیان سروشتی نینە هەندێکیان مەنتقینە هەندێکیان بابەتینە پێویستە لەسەر سیستەمی سیاسی بەهاوکاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بڕیارەکە وا دابڕێژرێ کەپاش دەرچوونی بڕیار میللەت هاووڵاتی بڕیارەکان قەبەڵ بکاتن حەتا سیستەمی سیاسی تووشی چەسپاندنی بڕیار نەبێت . بێگومان ئەوە لە سیستەمی دیکتاتۆری تۆزێك دەورێکی باڵای نابینێت بەڵام لە سیستەمی دیموکراتی دەورێکی زۆر باڵا دەبینێت چونکە دەبێتە خاڵێکی لاواز لەلای ئەو حزبەی کە دەسەلاتی سیاسیە وە بەتەئکید تەئسیر دەکاتن لەسەر مەکانەتی ئەو حیزبەی ئاستی ئەو حیزبەی لە هەڵبژاردنی داهاتوو . لەبۆ رزگار بوون لەوگرفتانەی بێگومان دەوڵەت یان سیستەمی سیاسی هەوڵ دەداتن هەردەم چارەی مام ناوەندی چەیدا بکات . بەڵام رێگاچارەی مام ناوەندی ئەویش بەگرفتە گرفتەکەی ئەوەیە کەلە چارەسەری مام ناوەندی ناتوانی بەرژەوەندی هەموولایان بپارێزی واتە هەر بڕیارێك پشت بە رێگاچارەی مام ناوەندی ببەستێت چەندین خاڵی لاوازی تێدایە هەر لەبەر ئەوە پێویستە لەپرۆسەی تەفاعول کردن لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی وسیستەمی دیموکراتی دوو جۆرە سیاسەتمان هەیە سیاسەتی کورت بین و سیاسەتی دوور بین لە سیاسەتی کورت بین سەرکەوتنی ئەو سیاسەتە دەمێنێتن لەسەر رەغبەت و ئیرادەو ئیمکانیەتی هەر دوولا هەم هاووڵاتی وەهەم سیاسیەکان کەوا هەردوولا نیمچە رەزامەندی لەسەر بدەن لە بۆ چارەکردنی ململانێی کە لە نێوان سیستەمی سیاسی و هاووڵاتی هەیە بەڵام لە سیاسەتی دووربینە لازمە سیاسەت نەك لەسەر حەلی وەسەت دەربچێت بەڵکو پشت بەچەندین پرەنسیپ دەبەستێت و چەندین بنەما کە لە چوار چێوەی کۆمەڵگای مەدەنی دادەنرێت . ئەو تەرحانە ئەوەی دێنێتن کەوا کۆمەڵگەی مەدەنی تەئسیرەکی تەواوی هەیە لەسەر سیستەمی سیاسی لەسەر چۆنیەتی دەرچوونی بڕیار لەسەر چەسپاندنی دیموکراتیەت . بەلام لە کۆمەڵگایەك کە سیستەمی حوکمی فەردی تێدایە ئایا ئەگەر هات و توانیمان چەندین رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی دابمەزرێنین ئەمە دەتوانین بە

ڕێگای ئەو ڕێکخراوانە تەوەقوعی ئەوە بکەین کەوا حوکمی فەردی نامێنێتن وە ڕێکخراوانە دەبنە هەنگاوەك لە بۆ چەسپاندنی دیموکراتیەت وجودی کۆمەڵگای مەدەنی مەرجەکی لەپێش نییە هەم لە بۆ ڕووخانی حوکمی فەردی وەهەم لە بۆ گۆڕانکاری لە بۆ دیموکراتی . کۆمەڵگای مەدەنی پرۆسێسە لەگەڵ پرۆسێسی گۆڕانکاری بەرەو دیموکراتیەت دەڕوات . ئەو کۆمەڵگای مەدەنیە گۆران بەرەو دیموکراتیەت دیار ناکات واتە وجودی نییە کۆمەڵگای مەدەنی لەو کاتە دەست پێ دەکات ئەگەر هات و کۆمەڵگای دەست پێ دەکات ئەگەر هات و کۆمەڵگە خۆی دەستی پێکرد بە چەندین ئیجرائات لە بۆ گۆڕانکاری بەرەو دیموکراتیەت لێرەدا بێگومان چەندین حەرەکاتی سیاسی و ئەحزابی سیاسی لەو پرۆسێسە هەیە هەوەها چەندین ڕێکخراوی سیاسی کۆمەڵایەتی هەیە هەموو لەو پرۆسەیەی کە مەبەستی ئەوەیە سروشتی کۆمەڵگای بگۆڕێت لە بۆ سروشتەکی دیموکراتی هەموو لەو پرۆسەیە بەشدار دەبن بەڵام ئەو گرفتە بەشدار بوونی کۆمەڵگای مەدەنی بە ڕێگای حەرەکات و بزووتنەوە و بزوتنەوەی سیاسیو ئەحزابی سیاسی بووە گرفت لەماوەی کە سیستەمی جیهانی نوێ سەری هەڵدا سیستەمەکانی سۆشیالیزم لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات ڕووخان لەوێندەر پرۆسەیەکی دیموکراتی نوێ دەستی پێکرد لەوێ لە ڕاستیدا تێبینی کرا کەوا کۆمەڵگەی مەدەنی بەتەواوی دەوری خۆی نەدیتووە چونکە وەزعیەتی پرۆسەی تەحەول بوون لە بۆ دیموکراتیەت فوجائی و خێراو ئاقلانەش بوو هەر لەبەر ئەوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەتەواوی نەیانتواتی دەوری خۆیان ببینن لەو پرۆسێسە بێگومان پرۆسێسی تەحەول بوون لە بۆ دیموکراتیەت چەندین گرفتمان هەیە یەك لەوانە : ئایا ئەگەر دیموکراتیەت چەسپایان دەستمان پێکرد بە دیموکراتیەت ئەو حەرەکاتانەی کە زۆر عاتفینەو یان موتەحەمیسن مەتەتەریفن دەوریان چ دەبێت لەو پرۆسێسە .

2- ئەگەر هات و پرۆسێسەکە بەردەوام بوو بەرژەوەندی تایبەتمەندی و تایبەتی مەجموعاتی تەقلیدی دەوریان چ دەبێت . یان دەستمان پێکرد بە قوەت بۆچەسپاندنی ئەو حەرەکاتانە چی دەبێت ؟ ئایا ڕەوشیان بەرامبەر بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەو دەوڵەت دەگۆڕێ یان نا .

بێگومان لێرەدا دەمەوێ حزبە سیاسیەکان لە موئوسەساتەکی غەیرە ڕەسمیە یەك لەموئەسەساتەکی سەرەکیە لە کۆمەڵگای مەدەنی دەورەکی گرنگیان هەیە واتە سیستەمی حزبی دەورەکی زۆر گرنگیان هەیە بەڵام لەهەمان کاتیش سیستەمی حزبی موئەشیرنییە لەبۆ دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی چونکە لە ڕاستیدا ئەحزابی سیاسی بەتەنیا ناتوانی ئەو دەورە تەفاعولە ببینێت لەنێوان هاووڵاتی و موئەسەساتی دەوڵەتدا یەعنی ڕێکخراوەکانی تریش هەمان دەور دەبینن . واتە لە چەسپاندنی سیستەمی حزبی پێش ئەوانە سیستەمی حزبی سیستەمەکی فاعەل بوو ، سیستەمەکی موئەسیربوو یەعنی سیستەمەکی حزبی پێچەوانە ململانێیان هەبێت واتە نابێ یەك حزب هەبێت لازمە چەندین حزب هەبێت . وەهەر حزبێك بێگومان بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵەپێك دێنێت کەتێدا ئەندامن بەڵام سروشتی دەوری ئەحزابی سیاسی لە دیموکراتیەتی نوێ پێستا بەتایبەتی لە ئەورووپا دەورەکی کەمیان هەیە

دەورەکەیان گۆڕا واتە حزبەکانیان پێویست ناکا بەهەمان دەوربڕۆن کە وەختی خۆی ئەو دەورەیان پەیڕەودەکرد ئێستا دەورێکی تریان لەسەر ئەستۆدایە پێویستە دەورەکی تر ببینن . هاوولاتی ئێستا هەمان هاوولاتی جاران نییە کە پێش ئەو گۆڕانە دیموکراتیەتە لەجیهان روویدا . هاوولاتی ئێستا بەتایبەتی ئەو ژێر حوکمی تەسەلوتی و دیکتاتۆری وە هەمان کاتیش ئەزمونەکی زۆر کەمیان هەبوو لە دروستکردنی کۆمەلگای مەدەنی ئەو هاوولاتیە ئێستا توانای تری هەیە کەفائەتی تریان لەلاپەیدا بووە . هاوولاتی ئێستا ئامادەنیە هەویەتی خۆی و کەسایەتی خۆی بەتەواوی 100 ٪ ببە ستێتەوە بە ئیدیۆلۆجیەتێکی دیاریکراو یان بەحزبێکی دیاریکراو یەعنی هاوولاتی هەست دەکاتن پێویستە ئیستقلالیەتێکی هەبێت لە کەسایەتی و لە نفوسدا هەمان کاتیش بڕوای هەبیٚ بە حزبەکی دیاریکراو بەس ئیندماجەکی تەواوی نەبیٚ لە نێوان خۆی و ئایدیۆلۆژیەتی حزبەکەی . بەلام ئەوەمەعنای ئەوە نییە ئەحزابی سیاسی لە کۆمەلگای مەدەنی ناتوانێت دەورەکی تەواو ببینێت ئەحزابی سیاسی دەتوانن دەوری خۆیان ببینن بەلام منافسی گەورەیان بۆ پەیدا بووە واتە بەتەنیا نینە لە گۆڕەپانی سیاسی ئەحزابی سیاسی مواجەهەی جەماعەتێکی تر دەکەن جەماعەتی بچوک بچوک هەنە لە کۆمەلگای مەدەنی دیفاع لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەکەن ئینجا چ سەندیکا بوو چ رێکخراوی بچوک بوو چ جومعیات بوو ئەوانە هەموو بە بزاوتی کۆمەلایەتی دادەنرێت کە بەرگری دەکەن لە بەرژەوەندی ئەو ئەندامانە کەتیایدا بەشداری دەکەن مەعنای وایە ئەحزابی سیاسی مونافسیان بۆ پەیدا بووە دیموکراتی نویٚ وهاوچەرخ دیاردەکی موعەقەدە چونکە چەندین موئەسەساتی تێدا هەیە وەچەندین کەنالی تێدایە کەوا پەیوەندی لەنێوان میللەت و سیستەمی مەحسور نییە بەهەلبژاردن واتە نەك وەکو جان جاك رۆسۆ گوتی : کە لەنێوان هەلبژاردن و هەلبژاردندا هیچ دەورێك بۆ هاوولاتی نامێنێتەوە هاوولاتی تەنیا دەوری لەوەیەکە کارتی هەلبژاردن و دەنگ دان بخاتە ناو سندوقی هەلبژاردن دادەنێت و پاش ئەمە دەوری نامێنێت . ئێستا هاوولاتی نادەوری گۆڕاوە هاوولاتی لەنێوان ئینتخابات و ئینتخاباتدا دەور ببینێت دەوری لە دیموکراتیاتی رۆژئاوایی دیارە دەتوانێت موزەکەرات پێشکەش بکات دەتوانێت داوای ئیستفتاء بکات دەتوانیٚ خۆپێشاندان بکات دەتوانێت ئیعتکاف بکاتن ئەوانە هەموو دەورەکە دراوە بەهاوولاتی ئەو موزاهەراتانەی کە لەبەرلین روویدا کە بۆش لەویٚ بوو دەمی لەسەر قوەتی رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی بوو ، ماتە دیموکراتیەتی نویٚ و هاوچەرخ لەراستیدا نیزامەکی حوکم نییە بەسەر رژێمەکەوە بێت بەلکو چەندین رژێمی جوزئی تێدایە هەموو ئەو ئەنزیمانە یەکدی دەگرن و نیزامەکی دیموکراتی پێك دێنن .

هەر نیزامەکی بچوك لەناو نیزامی حوکمی دیموکراتی تەرتیبی کۆمەلەکی دەکاو تەمسیلی بەرژەوەندی ئەوان دەکات وە هەولٚ دەدات مونازەعات و ململانێیەی کە لە نێوان ئەو جەماعاتانە دەبێت . لەبەینی خۆیان حەلی کاتن بەبیٚ ئەوەی بابلێین تەدەخولی سیستەمی دیموکراتی دەوری دەستوور لەو سیستەمە لەو پەیوەندیەکە لەنێوان رێکخراوەکانی

كۆمەڵگای مەدەنی و لەبەینی دیموكراتیەت دەستوور چ دەور دەبینێت بێگومان دەزانین دەستوور فەلسەفەی حوكم رۆن دەكاتەوە هەر دەستوورێكی بخوێنینەوە دەتوانین بزانین فەلسەفەی حوكم چییە یەعنی هەتا ئەگەر نیزامەكی دكتاتۆری تێدا بێت چەندین مەوادی پەیوەندی بەمافی میللەت ومافی مرۆڤ تێدابێت تەماشا بكەن چەندین كەرەستەی تری تێدایە كەباس لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی دەكا لەو كەرەستانە بەدیار دەكەوێ كێ دەسەڵاتی سیاسی هەیەو چۆن دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوە دەچێت . دەستوور چەندین پرەنسیپ دادەنێت لە بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی سیستەمی حوكم بەڵام ئەو دەستوورە ناتوانێ بە تەواوی كۆنترۆڵی هەموو پەیوەندی كۆمەڵایەتی بكات . لێرەدا بێگومان هاووڵاتی دەوری هەیە كە دەستوور ئەو دەورەی رێك نەخستووە بەڵام لە چوار چێوەی كۆمەڵگەی مەدەنی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی ئەو دەورە رێكخواوە ئەو دەورە دراوە بە هاووڵاتی بۆ بەشداربوونی لەكرداری سیاسی دەنگدان ، دامەزراندنی پەرلەمان بێگومان لەحەزاتی زۆر زۆر گرنگە و حاسمە لە دیموكراتیەت یەعنی لە چەسپاندنی دیموكراتیەت بەڵام لەهەمان كاتدا گرفتی تێدایە . گرفتەكان پەیوەندی بە چۆنیەتیی مومارەسەكردنی ئەحزابی سیاسی مەجموعاتی سیاسی مومارەسە كردنیان بۆ دەوریان وە تەئسیریان لەسەر پرۆسەی وەرگرتنی بڕیار یەعنی پرۆسەی دانانی سیاسەت .

كۆمەڵگەی مەدەنی وەك گوتمان سەبەب نییە بۆ دیموكراتیەت بەڵام بەشدار دەبێت لە چەسپاندنی دیموكراتیەت . كۆمەڵگای مەدەنی تەعویز ناكا لە دیموكراتیەت واتە بابڵێین كۆمەڵگەی مەدەنیمان هەبێت پێویستمان بە دیموكراتی نییە ناكرێت چونكە دوو سیستەمی جیاوازن بەڵام پەیوەندیەكی زۆر بەهێزیان لەنێوان یەكتر هەیە تەفاعولەكی زۆر بەهێزیان لەنێوان یەكتردا هەیە لەبۆ چەسپاندنی دیموكراتیەت كۆمەڵگای مەدەنی دەورێكی باڵا دەبینێت . بەڵام دەوری ئیجابی هەیە وە دەوری سەلبیش هەیە بابزانین كۆمەڵگای مەدەنی دەوری ئیجابی لەسەر چەسپاندنی دیموكراتیەتی چیە . كۆمەڵگای مەدەنی ئەگەر لەسەر ئەساسێكی بەقوەت واتە دەكا تەوەقوعاتی هاووڵاتی لە سیستەمیسیاسی جۆرە ئیستقرارەكی وەربگرێت . یەعنی هاووڵاتی تەوەقوع دەكاتن كەوا سیستەمی سیاسی ئەو بڕیارەی دەردەكا یان ئەوگرفتەی چارەسەردەكا یان فڵان ئیمتیازات دەداتن تەوەقوع دەكرێ چونكە پەیوەندیەكی جێگیر لە نێوانیاندا هەیە بە زانیاریەكی تەواو ئەو مەعلوماتە لەلایەن رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی دێتە سیستەمی سیاسی سیستەمی سیاسی حەلەقەكە لەلایەك داواكاری دێتە ناو سیستەمی سیاسی ئەو داواكاریانە پێویستە لەرێگای رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بێت واتە مەعلومات ئینكۆمێنشن دێتە ناو سیستەمی سیاسی تەعامول دەكا لەگەڵ ئەو زانیاریانە پاش ئەوە بڕیار دەردەكا مەعنای وایە دەورێكی باڵا دەدرێتە رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی كەوا تەوەقوع بكرێ كەسیستەمی سیاسی جۆرێك لە بڕیارە دەوردەكاتن . كۆمەڵگەی مەدەنی دووەمین تەئسیری ئیجابی لەسەر پرۆسەی

**دیموکراتیەت ئەوەیە کەوا چەندین مەفاهیم ( چەمك ) دێنێتە کایەوە لە ڕۆژانەی سیاسی ئەو چەمکانە پەیوەندی بەرەوشت و هەڵس وکەوتی هاووڵاتی هەیە .**

**ئەو هەڵس و کەوت و رەوشتانە پێویستە مەدەنی بن . ئەوجاکە گووتمان مەدەنیە واتە ڕێزی یەکتری و حیوارو تەساموح ... واتە ڕێزی پرۆسەی دیموکراتی بگری .**

**3- کۆمەڵگەی مەدەنی دەبتە کەناڵێك گوزارشت لە بەرژەوەندی هاوولاتی و بەرژەوەندی کۆمەڵە هاووڵاتیەك واتا لە بەرژەوەندی تاکەکان لەگۆمەڵگا ئەو داواکاریانە بەرزدەکرێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگای مەدەنی ئەگەر بەرێگای ڕێکخراوەکان بچەسپیت دەتوانن کۆنترۆڵی سلوکی هەڵس وکەوتی ئەندامەکانی خۆی بکات . لێرەدا تەئکید دەکرێ لەسەر ئیلتیزاماتی جەماعی واتە مەعنای وانییە کە ڕێکخراوەکان نەك تەنیا بەرژەوەندی ئەندامەکانی خۆیان دەپارێزن لە هەمان کاتیش پێویستە ئیلتزامیجەماعیان هەبێت مەعنای ئیلتزامەکی بە بەرژەوەندی گشتی هەبێت .**

**پێنجەمین کاریگەری ئەوەیە کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتە کۆسپێك لەپێش هەموو ئەو بۆ چوونانەی کەرەنگە ببێتە بۆ چوونەکی تەسەلوتی دکتاتۆری لەلای فەرمانڕەواکان . مەعنای وایە کۆمەڵگای مەدەنی ئەندامەکانی خۆی وشیاردەکاتن کەوا پێویستە هەربادیرەیەك کە پەیوەندی هەیە بەمەسەلەی دکتاتۆریەت و تەسەلوتی لەهەر بادیرەیەك پێویستە دەنگی خۆیان بەرز کەنەوە ئەو دەنگ بەرزکردنەوە دەمێنێتەوە سەر وەزع و واقیعی سیاسی دەست پێ دەکا لە بەرزکردنی دەنگی شەفەوی بە موزەکەرات نووسین دەگاتە ئیحتجاجات و موزاهەرات و رەنگە دەگاتە ڕاپەڕینیش . ئەوە بوو تەئسیراتی ئیجابی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر چەسپاندنی دیموکراتیەت .**

**ئێستا بابزانین کاریگەییە نالەبارەکان ( سلبی ) چین .**

**1- لەوجودی ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی ناتوانین ئەغلەبیەتی موستەقل پەیدا بکەین زۆرینەکی موستەقلمان نییە ، ئەو زۆرینە حەرەکەی تێدایە . ئەو فاکتەرانەی یان ئەو هێزانەی کە لە زۆرینەی ئەمڕۆتێدانە رەنگە سبەینێ بگوڕێن سبەینێ ڕێژەی زۆرینە ببێتە 70 ٪ ئەمڕۆ بۆ نموونە 60 ٪ 50 سبەینێ دەبێتە 70 ٪ دوسبەی دەبێتە هۆی ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە ؟**

**چونکە ئازادی و سەربەستی بۆ دەربڕینی ڕەئی هەیە . بێگومان ئەوەش کار دەکاتە سەر ئاستی شەرعیەتی سیستەمی سیاسی زۆرینەکی مستەقرم هەبێت مەعنای بەردەوام شەرعیەتێکی بەردەوام هەیە زۆرینەکی جێگیرم هەبێت مەعنای وایە هەردەم شەرعیەتێکی لاوازم هەیە . بێگومان ئەو ئاستە هەر چەند نالەبارە بەڵام لەباریشە سەبارەت بە حوکامەکان بێگەمان زۆر وشیار دەبن پێویستە زۆر ئاگادارین لەرەئی کۆمەڵگای مەدەنی مەعنای لەرەئی هاووڵاتی .**

**2- لەپرۆسەی بیناکردنی سیاسەت واتە دەرکردنی بڕیاری سیاسی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەتەئکید کاریگەریان لەسەر سیستەمی سیاسی دەبێت لە بۆ وەرگرتنی بڕیارەکی کە لە بەرژەوەندی ئەو ڕێکخراوەیە یان لە بەرژەوەندی کۆمەڵگای مەدەنیە .**

مەعنای وایە کۆمەڵگای مەدەنی تەئسیرەکی موتەحەیزی هەیە لەسەر دەرکردنی بڕیاردا وە ئەو وەزعە زۆر بەهێزە لە وولاتانەی کە سیستەمی لیبراڵی لەوێ چەسپاوەو یەك لەکتێبەکانی ئەمەریکییەکان کەرەخنەیان لەسەر سیستەمی سیاسی ئەمەریکی هەیە . شاتشنایدەرە ناوی دەڵێتن : ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئەمەریکا مۆسیقای یان ئاوازی بەرژەوەندی تەبەقاتی بەرز لێ دەدەن یەعنی پێچەوانەی بەرژەوەندی وان دەکەن دژی بەرژەوەندی خۆیان ئەوە بۆ چییە ؟ بۆ وەرگرتنی بابڵێین ئیمتیازات و بەشداربوون لەدەسەلاتی سیاسی .

3–حاڵەتی نێگەتیف ئەوەیە کە لە سروشتی کۆمەڵگای مەدەنی زۆربەی بریارەکان بەرێگای پرنسیپی حەلی وەسەت وەردەگیرێت و نەتیجەی وەرگرتنی ئەو بڕیارەی وا دەبێت کەبڕیارەکە بەتەواوی بەرژەوەندی هیچ کەسێك نانوێنێت . یەعنی بەرژەوەندی هەر جەماعەتێك دەکاتە بەرێژەیەکی دیاریکراو بەڵام ئیشباعی رەغەباتیان ناکاتن .

بەمەعنا هەر دەم بەبەردەوامی کەموکوڕییەك دەبێت . فەراغێك – کەلێنێك دەبێت لەنێوان رەغبەتی هاوولاتی و لەنێوان بڕیارەکانی سیستەمی سیاسی .

4– حاڵەتی نێگەتیف ئەوەیە لە کۆمەڵگەی مەدەنی تەئسیرکردن لە تاك بە رێگای ئەودەبێت کەوا مەغانم و مەکاسب دابەش بکرێتن لەسەر ئەندامەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر پێوانەی بەرژەوەندی گشتی لەسەر حیسابی بەرژەوەندی دەوڵ . بێگومان دابەشکردنی دەستکەوت لەسەر ئەندامەکانی خۆیان لەسەر ئەوانەی کە بەشداردەبن وامان لێ دەکا کە ئابوریەکەمان ئابوری دەوڵەت ئابوریەکی فەعال نەبێت و رێژەی تەزەخوم . جێیان ببێتەوە . واتە کاریگەری کۆمەڵگەی مەدەنی دەمێنێتەوە سەر کەفائەت و توانای ئەو رێکخراوانە ئەو جەماعاتانەی کە لە کۆمەڵگەی مەدەنی کاردەکەن . ئەگەر هات و ئەو کۆمەڵانە توانای بێهێزو لاوازیان هەبوو وەتەنیا تەرکیزیان لەسەر بەرژەوەندی خۆیان کرد و بەرژەوەندی گشتیان لەبیرکرد ئەوەتەئسیریان کەم دەبێت . بەلام ئەگەرهات و ئەو رێکخراوانە دەنگیان لەنێوان بەرژەوەندی خۆیان و بەرژەوەندی گشتی وولات لێرەدا بێگومان تەئسیریان زۆر گەورە دەبێتن بەهێز دەبێت سیستەمی سیاسی لەبڕیارەکانی ناتوانێت ئیهمالی ئەو هێزەی بکات . ئەو جەماعەتە بەو شێوە دەتوانن لەحیوارەکی جەماعی بەشداربن . واتە هەموو رێکخراوەکان هەموو رەگەزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەمیشە لە گفتوگۆ دەبن لە دیالۆگ دەبن لەگەڵ یەکتری .

ئەوجا ئەو دیالۆگە چ لەناو پەرلەمان بێت بەبەعدی ئەحزابەکان کەتێدانە یان لەگەڵ ئەوەی پەرلەمان بێت . حساباتی کورت زۆر تەئسیردەکاتن لەسەر فەعالیاتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر چەسپاندنی دیموکراتیەت بەلام لەکۆتایی وەك پرۆفیسۆری فەیلەسوفی بەناو بانگی ئەڵمانی یورگن هەبرمان دەڵێت : وجودو حزوری کۆمەڵگای مەدەنی زۆر زەرووریە بۆ وجودی مەیدانی گشتی " یەعنی بەرژەوەندی گشتی . کە لەو گۆرەپانە گشتیە قەزایەی مەسەلەی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی مناقەشە دەکرێت وەبەشێوەیەکی ئاشکراش گفتوگۆ دەکرێت و لە ئەنجامەوە دەگەنە چەندین رێککەوتنامە کە ئیلزامی تێدایە و بەو شێوەیەش

دەتوانین ئیجماعەکی گشتی پەیدا بکەین ئەو گوتنەی پرۆفیسۆرهابرمان فعلەن تەحدیدی ئەرکی کۆمەڵگای مەدەنی کردووە لە چەسپاندنی دیموکراتیەتی .

وە زۆر سوپاس .

لەراستیدا من زۆر سوپاسی ئەو بەرێزانە

دەکەم هەست بەخەجاڵەت دەکەم ...

هەوڵ دەدەم بەشێوەیەکی ورد وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە .

لە کۆمەڵگەی مەدەنی چەندین فاکتەر هەیە کە بەبێ ئەو فاکتەرانە کۆمەڵگای مەدەنی دیار نابێت و نییە واتە لە کۆمەڵگەیەك ئەو فاکتەرانەی تێدا نەبێت و نییە واتە لەکۆمەڵگەی ئەو فاکتەرانەی تێدا نەبێت ناتوانین دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنی قسەی لەسەر بکەین لە ئەساسیاتی کۆمەڵگەی مەدەنی ، بێگومان کە دەگەڕێتەوە .. من بەش بەحاڵی خۆم دەیگەڕێنمەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم بەتایبەتی بۆ ( جان لۆك ) کە لەوێ دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنی قسە دەکات لەکتێبەکی زۆر بەناو بانگ ( دوو نامە دەربارەی حکومەتی مەدەنی ) ئەو تەحدید دەکا دەوری هاوولاتی ، دەوری مەحکومەکان لە دەسەلاتی سیاسی دەسەلاتی سیاسی عەقدەکە لە نێوان حوکامەکان و مەحکومەکان حوکامەکان لە ناوەڕۆکی عەقدەکە ئەگەر دەرچوون لایان دا میللەت مافی مقاوەمەتی هەیە ومافی شۆڕشی هەیە لەو خاڵەوە کۆمەڵگەی مەدەنی سەری هەڵداوە . کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە کەوا ئەگەر هاوولاتی مافی خورا هاوولاتی مافی ئەوەی هەیە دەنگی بەرزکاتەوە .

لەناو کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستە هەموو هاوولاتی یەکسان بن واتە هاوولاتی هەمان ماف و حقوقی هەیە ئیمتیازات هەبێت ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ کەفائەت و مەرکەزو ئەوە بابەتێکی ترە . بەلام بەشێوەیەکی تەجریدی ( ئەبستراکت ) هاوولاتیەکان بەگشتی هەموویان هەمان مافیان هەیە وەهەمان ئەرکیشیان هەیە هاوولاتی ئەرکی زۆر گەورەیە . ئەو چەمکە لە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی وەکو ئێمە نییە .

هاوولاتی ئەرکەکی زۆر گەورەی هەیە ئەویش ئەوەیە بەشداربێت لە دروستکردنی دەسەلاتی سیاسی هاوولاتی ئەرکی سەرەکی لەسەر شانە لازمە بەشداربێت لە دەسەلاتی سیاسی لەپەیدا بوونی دەسەلات یان لەدامەزراندنی دەسەلاتی سیاسی ئەگەر هات و ئەو دەورەی نەدیت نەسیفەتی هاوولاتیەتی دەمینێ و نەکۆمەڵگەکەش نابێتە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی . وە دەسەلاتەکەش دەسەلاتێکی شەرعی نابێت . ئەگەر هات ئەو وەزعەمان هەبوو دواتر ئەجندەی تر هەیە هەر کۆمەڵەك لەهاوولاتی بەرژەوەندیەکی دیاریکراویان هەیە خۆیان رێك دێخن لە رێکخراوەك لەحیزبەك لەسەندیکایەك وەئەو رێکخراووحیزب و سەندیکایەك وەئەو رێکخراوو حیزب و سەندکیایانە لە چەند خالێکی هاوبەشی یەك دەگرنەوە . خاڵی هاوبەش گەورەیان ئەوەیە پێویستە بەرژەوەندی گشتی بپارێزن بەرژەوەندی گشتیشی لە کێیە لەوەیە کە کۆمەڵگەیان دەوڵەتەکە ئینهیاری پێ نەیەت کۆمەڵێ سیاسی نابی ئینهیاری بکات یەعنی لازمە هەموو رێك بکەون لەسەر ئەوەی کەوا کۆمەڵی سیاسی کەپێی دەڵێن دەوڵەت نابی ئینهیار بکات

. كە ئینهیاری كرد واتە هاوولاتی ڕێكخراوەكان مونەزەماتەكان دەوری خۆیان نەدیت . ئەوەیە ئەرك و فاكتەرە سەرەكیەكانی كۆمەڵگای مەدەنی ئەوانی تر تەفاسیلن مەسەلەی بابڵێین لە چوار چێوەی ئەو مافە گشتیانە مافی مرۆڤیش دەپارێزرێت مافی ئافرەتان ، مافی ژنان ، مافی منداڵان مافی خوێندن هەموو پارێزگاری دەكرێ لەسەری ئەگەر هات و بەهای كۆمەڵگەی مەدەنی پارێزگاری لێ كرابێت . ئەوانە ئەگەر ئینهیاریان كرد دەوری سەرەكی هاوولاتی ئینهیاری پێ دەكرێت كە دەوری ئەوەیە بەشداربێت لە دروستكردنی دەسەڵاتی سیاسی . مافەكانی تر دەوریان نامێنێت . موجەهـ دەبێت . لەو شۆڕشەی كە ئێستا لەئارادایە . كە ئالتن تۆپلەر دەڵێن : شۆڕش زانیاریە ئەو شۆڕشە بێگومان هاوسەنگی مرۆڤ تێك دەدا . واتە ئینسان بەسروشتی تەماشای وەزعی خۆی ناكات . شێوەیەك لە شێوەیەكی ئیغترابی بۆ پەیدا بووە نامۆ بوونە كە لەچ هاتووە ؟ لەو جولانەوەی كە زۆر بەخێرایی دەڕوات . بۆ نموونە پرۆفیسۆری كۆن لە زانكۆ دەیتوانی ساڵی 10 – 15 كتێب بخوێنێ ئێستا ناتوانێت ( 50 ) ش بخوێنێت هێشتا ڕێژەكە دەكاتە 1 ٪ مومكینە 5 ر 0 ٪ دەكاتن وەختی خۆی ( 15 ) كتێبی بخوێندبایە ...

سەبارەت بە توندڕەوی لە كۆمەڵگەی مەدەنی جێگای نییە مەبەستم لە تەئكید كردن لەسەر دەسەلات و ڕەوشت و بۆ چوونی كۆمەڵگا بەكۆمەڵگا جێگایان هەیە مافیان هەیە ڕەئی خۆیان بڵێن بەلام نابێ جێگایان هەبێت و كاریگەربن لەسەر بڕیاری زۆر ترسناكە لە نەمسا دەستی پێكردووە لە هۆڵەندا هەیە لە فەرەنسا وەزعەكی ترسناكە وەزعەكی كۆمەڵایەتی سیسیۆلوجی فەلسەفی زۆر زۆر خەتەرە ئێستا باس دەكرێت زانكۆكان لەوێ خۆیان تەرخانكردووە بۆ ئەو مەسەلەیە ، كە چۆن دەتوانن مەترسی توندرەوی نەك نەهێڵن كەمكەن لەسەر بڕیاری سیاسی لەسەر سیستەمی سیاسی . كاتی خیلاف چۆن محافەزە دەكرێ لەسەر وەحدەی وەتەنی پرسیارەكی زۆر گرنگ و زۆریش گەورەیە ؟

- من دەڵێم پێش خیلاف وپێش حاڵەتی كت وپڕی ئێمە لازمە ڕێككەوتنمان هەبێت لەسەر خاڵی سەرەكی كە كۆمەڵگەكەمان پارێزگاری لەسەر دەكات . نمونەكی نەمسای دەینم كە دەستووریان لە ساڵی 1920 دەرچووە .

سێ مەبدەئی سەرەكیان هەیە كە هەموو ئەحزابەكان موتەفیقن لەسەری

یەكەم : مەبدەئی دیموكراتیەتە .

دووەم : مەبدەئی فیدرالیەتە

سێیەم : مەبدەئی دەوڵەتی قانونە . هیچ حزبەك لە نەمسا نییە ، هیچ ڕێكخراوێكی كۆمەڵگەی مەدەنی لە نەمسانییە ، دژی ئەو مەبادیئانە بێت .

كە وابوو لەكاتی تەنگانە ئەو مەبادیئانە پیرۆزو پارێزراون . هەموو لەسەر ئەو مەبادیئانە دەڕۆن . زوعەمای سیاسی نەمسا لەكاتێ كە ساڵی 1938 هیتلەر نەمسای دەمج كرد لەگەڵ ئەڵمانیا تا ساڵی45 19ئەوماوەیە زوعەمایەكان ... لە زیندان بوون ، لە زیندان ڕێك كەوتن كە ئەگەر جەنگ تەواو بوو و لە زیندان دەرچوون پێویستە حكومەتێكی نیشتمانی دابنێن چونكە وەزعەكی كت وپڕ بووە ئابوریان نەبووە . ئەو حكومەتە وەتەنیە لەسەر چ بنەمایەك دابنێن لەسەر بنەمای ئەو

سێ مەبدەئەی کەلەساڵی 1920 هەبوو . نەوەزعی ئێمە پێویستە سێ چوار مەبدەئمان هەبێت لەسەری رێك کەوین . کاك ئەنوەر مەسیفی دەڵێت کاتی میدیاکان دیموکراتی هەبووە ئەوەی نازانم بەس من دەزانم لەووڵاتی میزۆپۆتامیا میدیاش نزیکی ئەو وڵاتەی بووە نەوعە دیموکراتیەك هەبووە کەمستەر جاکلسۆن لەزانکۆی شیکاغۆ دەڵێت بەو جۆرە دیموکراتیە دەڵێن دیموکراتیەتی سەرەتایی . ( دیموکراتیەتی بیدائی ) .

بەرێز د . ناسیح دەڵێت : رێکخراوە مەدەنیەکان لە سیستەمی تەسەڵوتی دەویان هەیە بەس ئایا دەوریان ئیجابیە یان سەلبیە مەبەستی من باس ئەمانەم نەکرد بەس دەوری سەلبیە چونکە وەسیلەت دەکەین بۆ چەسپاندنی سیستەمی تەسەڵوتی مەبەستم ئەوە بووە چونکە ماقوڵ نییە سیستەمەکی تەسەڵوتی مەجال بدا بۆ رێکخراوێکی دیموکراتی .

ئێمەش لەوەزعی خۆمان چ هەنگاوێك باوێن لەمبارەوە ؟ من ... بەڵام بەرای من گەر وابێت فیعلەن دووسێ پرەنسیپی دابنێین وەك دیموکراتیەتە وەك مافی مرۆڤە وەك مەسەلەی دیالۆگە واتە لەسەر ئەو مەبادیئانە رێك بکەون لە دەوڵەتی موئەسەساتی واتە ئەگەر بچینە وەزعی ترو ئیتسال تەفاعولێکی تر لەگەڵ ریزەکانی تر بکرێ ئەوە وەك خاڵێکی گشتی وابزانم باش دەبێت .

کاریگەری کۆمەڵگای مەدەنی لە وەزعی نائاسایی بەرێز کاك د . ئیدرس خستیە روو لە ئەمەریکاو لە بەریتانیا و بێگومان لە دەوڵەتەکانی ئەو روپیش تۆزەکی موعارەزە هەبووە واتە نارەزایی هەبووە لە بارەی ئەو وەزعە وەك بڵێی موعارەزەکی بەقوەت نەبووە . چونکە هاووڵاتی لەم رەوشە گەیشتووە رەنگە رەخنە هەبووبێ لەسەر دەسەڵاتەکان کە بۆ مەجالیان دا ئەو رووداوە رووبدات بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی لەوێندەر تەفاهومەکی موعەیەنی هەبووە .

کۆمەڵگای مەدەنی خۆی سیستەمە من کە گوتم پرۆسە واتە لە پرۆسە دروستکردنی ئەو سیستەمە . مەبەستم پرۆسەی دروستکردنی ئەو کۆمەڵگایەیە .

رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەگشتی لازمە تەعبیر لە بەرژەوەندی میللەت بکەن . یەعنی نابێ رێکخراوێك دابنیشێ بڵێت من گوزارشت لە بەرژەوەندی خۆم بکەم بەرژەوەندی وان بەرژەوەندی میلیشیایەکی دیاریکراوە و دەڵێت ئێمە دژی بەرژەوەندی میللەت دەبین و دەسەڵاتیش وەردەگرین . ئەوەنابێت لازمە گوزارشت لە بەرژەوەندی گشتی بکات و تەعبیرەکەش یەعنی تەعبیرەکەش زاڵ بێت لەسەر بەرژەوەندی کورت . لە حزب حزبە سیاسیەکان لە دروست بوونیان . تەعبیر مافەکە لە بەرژەوەندی تەبەقاتی دیاریکراو بۆ نموونە گوزارشت لە بەرژەوەندی ئەو کەسانە دەکەن کە ئەندامن لەوحیزبانە بەڵام لە هەمان کاتدا لازمە رەچاوی چوارچێوەی یاسایی بکرێت واتە هیچ ..

ئەوجا لەیاسای ئەحزابەکان هەموو دنیا دەبینین ماددەیەك تێدایە ئەحزابەکان نابی دژی بەرژەوەندی میللەت بجوڵێن نابی بوئرەی موئامەرات بن دژی میللەت . وە زۆر سوپاستان دەکەم.

بەروار : 28 / 5 / 2002